## یەکێتی نیشتمانی کوردستان دوای 30 ساڵ*

# بیری گەنج یان سەرکردەی گەنج،قەیرانی دەسەڵات یان ریفۆرم؟

## بەشی دووەم

سردار عبدالكريم عبدالله
Sardar24@hotmail.com

**یەکێتی و گەندەڵی:**

ئەگەر بە مێژووی یەکێتی دابچینەوە دەبینین ئەم حیزبە توانیوویەتی گەلێك سەروەری بۆ خۆی تۆماربکات،هەر لە دەستپێکردنەوەی"شۆڕشێکی نوێ" و دامەزراندنی"بەرەی کوردستانی"،خۆئامادەکردن بۆ راپەڕین،هەڵکرتن درووشم و چەسپاندنی سیستەمی فیدرالی،خۆساغکردنەوە بەلای بەرەی دیموکراتیەتی دژ بە تیرۆر،لێدان و لەناوبردنی سەددام...هتد،بەڵام لەپاڵ ئەمانەشدا کۆمەڵێك کەم و کوڕی،هەڵەی مێژوویی و گەندەڵی لەناو ئۆرگانەکانی یەکێتیدا سەری هەڵداوە و هەستی پێدەکرێ،مێژوویەکی کۆنیشیان هەیە،11لەبەرئەوەی لە بەشێکی کوردستانیش"حیزبی حاکمی باڵادەستە"،ئەم گەندەڵیانە بە خشکەیی و هەندێجاریش زۆر بەزەقی خزاونەتە ناو سەرجەم بووارەکانی ژیانی "حکومی،کارگێڕی،دارایی،خزمەتگوزاری،کۆمەڵگا هەتا خێزانیش"،ئەم گەندەڵیانە بەتەنها لەبازنەکانی ژیانی حیزبایەتی قەتیس نەماون،ئایە ئەم کەم و کوڕی یان گەندەڵیانە چین؟

_ گەشەکردنی مەحسوبیەت و خزم خزمێنە و تەکەتولات.12

_ چڕبوونەوەی دەسەڵات بە دەست چەند ناوەندێکی بڕیاردەری باڵادەست کە بە عەقلیەتی باوکسالاری یان سەروەری و سامانە مێژووییەکانیان دەنازن و کاردەکەن،13ئەمەش بۆتە هۆی دروست بوونی بەربەستێکی دەروونی و ئیلتیزامێکی ئەخلاقی لەبەردەم تێکەڵاوبوونێکی هۆرمۆنی لە نێوان کادیری ئەکادیمی و کادیری سەربازی(پێشمەرگەی کۆن و نوێ)،کادیری سیاسی رێکخستنی شاخ و کادیری سیاسی ناو شار و کادیری سیاسی زیندانی،چەندین رێزبەندی تری وەك بنەماڵەی شەهید، بنەماڵەی ئەندامانی سەرکردایەتی، هەولێرچێتی،سولێمانچێتی...هتد.

_نەبوونی ئەندامی سەرکردایەتی و قەیرانی کادیری "زۆر پێشکەوتووی ژن" واتە ئەندام مەکتەبەکان و بەسەرەوە لەناو ڕێزەکانی یەکێتی، لەهەمان کاتدا ئەمە فاکتەرێکە بۆ گەندەڵ بوونی بووارەکانی"کارگێڕی- بیری سیاسی – کۆمەڵگا" ئاماژەشە بۆ ئەوە:یان ئەوەتا ئاستی هوشیاری و بیرکردنەوەی ئەندام و کادیرانی یەکێتی سەبارەت بە"ڕۆڵی ژن" لە بواری سیاسەت سەقەتە و نەگەیشتۆتە ئاستی هاوچەرخێتی و بەرنامەی سۆشیال دیموکراتی یان ئەوەتا لە ناو ڕێزەکانی حیزب گەندەڵی خو و ڕەوشت"فەسادی ئەخلاقی" زۆر تەشەنەی کردووە،ئاماژەشە بۆ ئەوەی نەك تەنها دڵنیا نەبوون لە "دەستپاکی" بەڵکو لە "دەم و داوێنیش" گەیشتۆتە لوتکە و بۆتە هۆی "نەمانی یان لاوازبوونی متمانە" بە بەرپرس و ئەندامەکانی حیزب(لەم ڕووەوە)،هەر ئەم گەندەڵیەشە بەهۆی کەلتوور و ئەخلاقی باوی کۆمەڵگایەکی خێلەکی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی دەبێتە بەربەست بۆ بەشداری نەکردنی ژنان لە کاری سیاسی.کەواتە هەم فاکتەرە و هەم بەرەنجامە بۆ گەندەڵی.

_نەبوونی سیستەمی دامەزراوەیی و حکومەتی ئەلەکترۆنی لە زۆر لە دامودەزگاکان یان لاوازی ئەم سیستەمە بە شێوەیەکی بەرچاو لە هەندێ بازنەکانی ژیانی ڕۆژانەی دام و دەزگاکانی حکومی-حیزبی.ئەمەش بۆتە هۆی زۆری و بۆری لە فەرمانبەری موچەوەرگری بێبەرهەمی مشەخۆر،14واتە زیادبوونی بێکاری دەمامکدراو(بطالە مقنعە)،هەندێ جاریش فێڵکردن لە جەماوەر بەهۆی ئەم بێکاریە دەمامکدراوە،ئەویش بە دامەزراندن سەدان فەرمانبەر بەبێ بەرنامە و پلانی کارگێڕی یان پێگەیاندنی سەدان کادیری ئەکادیمی گرچووکاڵ و دروستکردنی ناهاوسەنگی و بێ بەرنامەییەك لە پێگەیاندنی کادیر و پسپۆری کەم زانست و بازاڕی بۆ ئایندە.ئەمەنەش مەسروفێکی مەزن و ئەرکێکی دراوی قورسی بۆ یەکێتی و حکومەتەکەی دروست کردووە.

_ ڕێزنەگرتن لەکات و بەفیرۆدانی وەختێکی زۆر بە کاری موجامەلەیی یان چاوەڕوانیکردن و ڕۆتین.نەبوونی خشتەو ئەجندە بۆ کاری ڕۆژانە و چاوپێکەوتن .....هتد.

_ تێکەڵاوبوونی ئەرك و دەسەڵاتەکانی"حیزب و حکومەت"لە هەردوو ئیدارەکان وایکردووە لە کوردستان سیستەمی حوکم"نزیك لە حوکمێکی شمولی" بێت و هەندێجار بکەوێتە بەر هەڵمەتی ڕەخنە و توانج.تا ئێستا لەسایەی ئەم تێکەڵاوییە لە سەستەمی حوکمکردن لە کوردستان،نەك هەر نەتوانراوە سیستەمەێکی"حکومەتی ئەلەکترۆنی"دابمەزرێنرێ،بەڵکو نەتوانراوە سیستەمێکی دامەزراویی تەقلیدی گونجاو لە ئۆرگانەکانی"حکومی- کارکێڕی- دارایی" گەشەی پێبدرێ.گەندەڵیەکانی بەرەنجامی ئەم کەم وکوڕیانە وایانکردووە سەرجەم ئۆرگانەکانی حزبیش بگرێتەوە.بۆیە پێویستە حکومەت سێبەری حیزب نەبێت،"هەرسێ دەسەڵاتەکان" کەسایەتی سەربەخۆبن و تەواو ئازادبن.

- ڕزگار نەبوونی کادیرەکانی یەکێتی لە عەقلیەتی شۆڕشگێڕی،لاوازی لە بەکارهێنانی زمانی هاوچەرخ،کەلتووری کۆمەڵگایەکی شارستانی.ڕەنگدانەوەی ئەم عەقلیەتە شۆڕشگێڕییە لە کارکردن و هەڵسوکەوتکردنی ڕۆژانەی بەشی زۆری کادیرەکان لە پۆستە"سیاسی،کارگێڕی،خزمەتگوزاری وکۆمەڵایەتیەکان" یان. هەر ئەمەشە وادەکات ڕۆژانە زۆر بە سادەیی بەها دیموکراتیەکان پێشێل بکرێن.ئەم عەقلیەتە وادەکات کاری" ئەرشیف و دیکۆمێنتی"ش لە کاری سیاسی و ئیداری حیزب زۆر لاوازبێ،بۆ نمونە:ئەگەر کاری"ئەرشیف و دیکۆمێنت"لە عەقلیەتی سەرکردایەتی یەکێتی یان پارتی ئامادەبوونی هەبێ و هەبووایە یان پانتای تەواوی لە سیستەمی کارکردنیان گرتبا،ئەوە کێشەی "یاسای سەرۆکایەتی هەرێم"و دۆسیە وابەستەکانی بەم کێشەیە،چارەسەریان بەم شێوەیەنێگەتیفە نە دەبوون، دواکەوتنی یەکەم دانشتنی پەرلەمانیش کاریگەری خراپی بۆسەر هەست و ڕای جەماوەر نەدەبوو،بەها دیموکراتیەکانیش لە سایەی دانووستاندن لەسەر "سیستەمی سەرۆکایەتی یان پەرلەمانی"بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم،ئیمڕۆ نەدەبووە هەرەشەیەکی ناڕاستەوخۆ بەسەر ئایندەی دیموکراتی لە کوردستان، ئەوەندەش یەکێتی و جەماوەریش ترسیان لە ئایندەی دیموکراتیەت لا دروست نەدەبوو.

_تێکەڵاو بوونی سنووری کاری"سیاسی- بازرگانی– پیشەیی"لای سەرجەم کادیرەکانی حیزب تا دەگاتە ئەندامانی سەرکردایەتی،ڕێزنەگرتن لە پرنسیپەکانی "ئەرك و پایەی پێشەنگی و نموونەیی"لە نێو حیزب و کۆمەڵگادا. بەهۆی زۆر نزیك بوونەوەی زۆر لە کادیرە سیاسیە پێشکەوتووەکانی یەکێتی لە بواری بازرگانی و دراوی،تێوە گلانی زۆریان لە کارە بازرگانیە ڕەشەکان لەسەر بنەمای خراپی بەکارهێنانی پلە وپایەکانیان نەك بە لایەنە"یاسایی و تەندروستەکەی"،بە پێچەوانەش لەلایەکی تر گەورەبوونی بۆشایی نێوان کادیرە سیاسیە دەوڵەمەندە تازەکان و توێژە هەژارە جیاجیاکانی کوردستان وهەروەها دوور کەوتنەوەیان لە کەسایەتیە ڕۆناکبیر و ئەکادیمیەکان،دەورە درانیان بە کاسانی نا هۆشیار یان سنووردار یان ئافرەتی هەوەسباز و خەلکی پێناو.

_نەبوونی شەفافیەت لە کاری"دیبلۆماسی و پەرلەمانی"،هەروەها لاوازی کەلتووری لێبووردن و قبولنەکردنی بەرامبەر.

_جیاوازی لە ئاستی تێگەیشتن و هۆشیاری سیاسی کادیران،کاریگەری نێگەتیفانەی ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی"دیموکراتیەت" لە پەیڕوی ناوخۆیی حیزب(نەك دیموکراتیەتی مەرکەزی) و فرە مینبەری،بێ ئەوەی بتوانرێ ئەو مینبەرانە وەك "مینبەرێکی فیکری" یان "فیکری گەنجانە"لە ناوخۆی ئۆرگانەکانی یەکێتی بخرێتەگەڕ.قۆزتنەوەی ئەم شێوازەی کارکردن بەڕووە خراپەکەی بۆ بەرژەوەندی شەخسی و کەوتنە ژێر کاریگەری یاسای خێلەکی و کەلتووری باوی سیستەمی حوکم و ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی چەوتی باوی عیراق،چالاك نەبوونی مەکتەبی هۆشیاری و ڕۆناکنبیریش بۆ دروستکردن و پێگەیاندنی "یەکێتی فیکر" و بەرزکردنەوەی هۆشیاری سیاسی،کۆمەڵایەتی...هتد لە ناو ریزەکانیدا یەکێتیدا.

_نەبوونی تێگەیشتنێکی هاوشێوە یان زۆر نزیك لەیەکتری لەلایەن حیزبە کوردستانیەکان،بەتایبەتی حیزبە گەورەکان بۆ بەها و پرنسیپەکانی دیموکراتیەت و سیستەمی حاکمیەت،هەروەها کاریگەری خراپ بەکارهێنانی بەها دیموکراتیەکان وای لە حیزبە کوردیەکان کردووە بۆ پاراستنی چەندایەتی خۆیان لە کاتی"شەڕی سندوق" بخزێنە ژێر فشاری یاسای خێلەکی و خەڵکی هەڵپەرست و بەرژەوەندچی.ئەمەش لە کۆمەڵگایەکی نامۆ بە پرنسیپەکانی دیموکراتیەت زۆر مەترسیدارە،چونکە هەریەکێ لە حیزبەکان بە هۆی بەد گومانیان لە نیازەکانی یەکتری وئاستی دڵسۆزیان بۆ بەها دیموکراتیەکان وایکردووە لە پێناو مسۆگەرکردن و قورغکردنی دەسەڵاتی سیاسی و ئیداریەکان بکەونە بەکارهێنانی"سیاسەتی ڕازیکردن و ئیحتیواکردن"لەڕێگای بەخشینەوەی پلە وپایە،سامان و بەخشش. لێرەوە تۆوی گەندەڵی لە ناو ڕێزەکانی یەکێتی و باقی حیزبەکانی تر گەرایان کردووە.بۆ زیاتر مسۆگەرکردنی دەنگەکان بۆ کاتی هەڵبژاردن،سەرانی ئەم حیزبانە کەوتوونەتە بەکارهێنانی ڕایەڵەکانی خزمایەتی و عەشائیری و کڕینی وەلای حیزبی.

بۆ ڕازیکردن یان نزیکخستنەوەی خەڵکانێك لە زۆر دۆخدا وا پێویستبووە پۆستێك یان دەسەڵاتێکی سیاسی یان ئیداری یان حکومی بدرێتە کەسێکی نزیك لەم بەرپرس و ئەو سەرکردانە،بێ ئەوەی بیر لە توانا ڕاستەقینەکانی ئەو کەسە بکرێتەوە،ئایە کەسێکی شایستەیە بەو پلە و شوێنە یان ڕەچاوی خەبات و ماندوبوون کراوە؟! لێرەدا ئەوەندەی تاوانی ئەم هەڵەیە لە ئەستۆی زروفە زاتیەکانی یەکێتییە "دە" ئەوەندەش لە ئەستۆی زروفە بابەتییەکانە،کە خۆی لە ئاستە جیاوازەکانی تێگەیشتن و باوەڕبوونی لایەن و کۆمەڵگای کوردەوارییە بە بەهاکانی دیموکراتی دەبینێتەوە.ڤایرۆسی ئەم پەتایە زۆر بەجوانی یەکێتی گرتۆتەوە،بۆیە یەکێتی کە خۆی بە حیزبێکی مۆدێرنی،سۆشیال دیموکرات دەزانێ،دەبووا بەر لە پەتاکە " فلتەرێك" یان "فایەروڵێك"ی بۆ خۆ پاراستن لەم ڤایرۆسە مەترسیدارە دابنابایە.

_هەڵەیەکی تری یەکێتی ئەوەیە،کەوا ژمارەیەکی گەنجی لەسەرکردایەتی زیادکردووە"وەك تەمەن"نەك وەك کەسانی خاوەن"فیکری گەنج"،بەمەش یەکێتی نەیتوانی تانۆکێك(نەك دیوارێك)لەنێوان پرنسیپەکانی کارکردن بە عەقلیەتی ڕۆژگاریی شاخ و شار دابنێت،ئەگەر نمونەی ماوەی حکومەتەکەی د. بەرهەم لە خانەی کارکردن بە"فیکری گەنج" نەك "کادیری گەنج" پۆڵین بکەین، نامەکەشی سەبارەت بە کێشەی نێوان سکرتێری گشتی و بەشێك لە ئەندامانی سەرکردایەتی بە نامەیەکی نەرمی ڕیفۆرمخوازی نەك شۆڕشگێڕانە وەربگرین، دەکرێ ئەم خاڵەمان باشتر ڕوونتر کردبێتەوە.15

_بە درێژایی 30 ساڵ یەکێتی نەیتوانیوە سەرکردەیەکی سیاسی تری وەك "مامجەلال" بەرهەمبهێنێ،ئەمەش وایکردووە هەر هەموو سەرکردەکان نەك لە ئاست (ئیرهابی فیکر) یان(دیکتاتۆریەت) وەك باسی لێوەکراوە و دەکرێ،بەڵکو لە ئاست هۆشیاری،توانای کارکردن و دبلۆماسیەتی کەسایەتی"مامجەلال"نەتوانن تەجاوزبکەن.بۆ پتەوکردنی یەکڕێزی یان مانەوە و بەهێزی یەکێتی هەمیشە پەنا بۆ تواناکانی ئەو ببنەوە،ئەمە لەلایەك بۆتە فاکتەری چڕبوونەوەی دەسەڵات و بڕوا بەخۆبوونێکی بێ سنوور لای مامجەلال وددان پیانانێکی ئاشکرای دۆست و دووژمنیش بەم کاراکتەرەیان،لەلایەکی تریش ئەم هەڵکەوتنەی کەسایەتی "مامجەلال" لای نەیار و ڕکانبەرەکانی ببێتە خالێکی لاوازی یەکێتی،تا هەرهەموویان بۆ لەبارچوونی یەکڕێزی یەکێتی گرەو لەسەر مان و نەمانی "مامجەلال" بکەن.ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی مامجالال لەلایەك،چونکە دەبووا مامجالالیش بەلانی کەم سودی لە ئەزموونی خۆی و سەرکردەیەکی وەك" ئیبراهیم ئەحمەد"وەرگرتبا،لەلایەکی تریش هۆیەکەی بۆ کەمتەرخەمی ئەندامانی سەرکردایەتی دەگەڕێتەوە، کە نەیان توانیوە بۆ گەشەپێدانی خۆیان سود لەم دەرفەتە زێڕینەی ئازادی و حوکمڕانی کورد ببینن.دەکرا ئەم سەرکردانە لە جیاتی نوێکردنەوەی ژنەکانیان،ماڵەکانیان،کەمالیاتەکانی ژیان، سودیان لەو بنەمایانە و ئەزمونانە ببینیبا کە مامجەلال بۆ مەزنکردنی کەسایەتی خۆی سوودی لێ بینیوون.دەبووا تا ئێستا بۆ هەر مینبەرێك لە ناو یەکێتی هزرڤانێك دروست ببووایە،خۆی وەك خاوەن فیکرێك بە ئەندام و لایەنگرانی یەکێتی بناساندبا نەك "کتلە و دەستەگەری" فلان و فیساڵ.

_نەبوونی خولی کادیران بۆ کادیرە زۆر پێشکەوتووەکان و ئەندامانی سەرکردایەتی بەشێووەیەکی بەردەوام.نەبوونی پەیمانگایەکی کادیرانی دانپیانراوی ئەکادیمی"موتەکامل"،کە بتوانێ خولی ڕاهێنانی جیاجیا بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی"هۆشیاری وهونەری" لە ئەندام شانەیەکەوە تا دەگاتە سەرکردایەتی بکاتەوە،بۆ نمونە:ئێستا کادیرانی یەکێتی نەك هەر تەنها لەسەر ئاستی کوردستان،بەڵکو لەسەر ئاستی عیراق و جیهاندا چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکرێ پۆستی سیاسی،ئیداری و حکومی جیاجیا وەربگرن،بۆ ئەوەش دەبێت هەر یەکە لەم زاتانە بەشێوەیەکی زانستی و لەسەر دەستی کادیری ئەکادیمی شارەزا فێری ئەتەکێتی نانخواردن و مێوانداری دبلۆماسیانە تا دەگاتە چۆنیەتی قسەکردن، خوێندەوە،ناسین ... هتد ببن.

**پڕۆژە بۆ ڕیفۆرم یان هۆکارەکانی گەندەڵی حکومی، ئیداری،دراوی،کۆمەڵایەتی:**16

*بەهۆی کۆمەڵێك هۆکاری بابەتی و زاتی تائێستا نەتوانراوە کۆمەڵگای کوردستان لە قۆناغی کۆمەڵگایەکی بەکارهێن بگوزرێتەوە بۆ قۆناغی کۆمەڵگایەکی بەرهەمهێنی هاوچەرخ (بەلانی کەم) لە بواری خۆراك و بەرهەمە کشتوکاڵیەکاندا.

*بەرەڵاییەکی زۆر لە بازاڕ و هەڵاوسانێکی زۆری دراویی.

*نارێکی لە سیستەمی مووچە و کار نەکردن بە یاسای کار یان بێ پلانی و بێ دەسەڵاتی لە ئاراستەکردنی هێزی کار و بەگەڕخستنی لە بازاری کاردا.

*دواکەتنی سیستەمی خوێندن و خولی پێگەیاندنی کادیری بەرهەمهێن شارەزا.

*دواکەوتنی سیستەمی هاتووچۆ و گواستنەوە...هتد.

بێ گومان ئەم خاڵانەی سەرەوەش وادەکەن سەرجەم بوارەکانی تری ژیان بەدوا بکەون،دیارە هۆی سەرکی ئەم شێواوی و دواکەتنەش لەکۆمەڵگای کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی سیستەمی دامەزراوەیی یان لاوازی ئەم سیستەمە لە بووارەکانی ئیداری–حکومی–خزمەتگوزاری،نەبوونی حکومەتێکی ئەلەکترۆنی و بەکارنەهێنانی هونەر و داهێنانە تەکنەلۆجیا نوێکان بەشێوەیەکی سەرەکی و زیندو لە بوارە جیاجیاکانی ژیان و کۆمەڵگای مەدەنی،بەتایبەتیش لە بواری گواستنەوە و گەیاندن و پەیوەندی،ئەم کەم و کوڕیانە دەبنە هۆکارێکی سەرەکی بۆ سستی و لاوازی یان نەمانی بنەما سەرەکیەکانی کۆمەلگایەکی مەدەنی هاوچەرخ،بە لەدەستدانی ئەم بنەمایانە فاکتەرەکان بۆ گلەیی و گازاندە یان ناڕێکی لە کارکردن زۆر دەبن.بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای نوێ کاریگەری ڕاستەوخۆی بەسەر سیستەمی گواستنەوە و گەیاندن هەیە،ئەم بوارەش سەرەکیترین سیمای کۆمەلگایەکی شارستانی هاوچەرخی دیموکراتیە،فاکتەرێکی سەرەکی گەشەکردنی ئابووری و بازرگانیە.بەگەشەکردنی ئابووری و بازرگانیش، سیستەمەکانی:خوێندن،بەرێوەبردن،چاودێری...هتد،گۆڕانکاری پۆزەتیفیان بەسەر دادێ.بەشداریەکانی تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو ئاسانکاریی لە بواری ڕاپەڕاندن و تێچوون دەستەبەر دەکات.

بۆچی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا و سیستەمی هاوچەرخ لەم بوارە وادەکات ژێرخان و سەرخانی ئابووری گەشەبکات و گرنگی سەرەکی هەبێ؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لای ئابووریناسەکان زۆرئاسانە و ڕاستیەکە هەموو سیستەمەکانی ئابووری جیهان لەسەری کۆکن و ددان بە پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان گەشەکردنی ئابووری،بازرگانی،تۆڕەکانی ڕێگا و بان،سیستەمی گەیاندن و گواستنەوە دەنێن،تا بواری گواستنەوە ئاسان و ئەمان بێ چالاکیە ئابووی، بازرگانی و خزمەتگوزاریەکان خۆشتر و ئاسانتر دەبن،کەواتە دەکرێ بڵێین: شەقامێکی ڕووت(لە ناوشار و دەرەوە) لە "نیشانەکانی هاتووچۆ و هێلی سپی"،دیارنەکران و دابەش نەکرانی شەقامەکانە بەشێوەیەکی زانستی بۆ پیادە و سوارە،یەکەم فاکتەری نێگەتیفە بەسەر ئابووری و ئاسانکاریەکانی ژیانی هاوڵاتیان،یەکەم نیشانەشە بۆ دیاردەیەکی نا تەندروست لای هەر تێبینیکەرێکی سیاسی،ئابووریناس، یاسایی،کۆمەڵناس..هتد، چونکە نەبوونی ئەم هێلانە لە هەر شوێنێك،لەلایەك نیشانەی بێ بەرنامەیی ئۆرگانە حکومیەکانە،لە لایەکیتریش کەمتەرخەمیە بەرامبەر دیارنەکردنی "بەرپرسیەتی هاوڵاتیان لە دەستووردا "بەرامبەر بەیەکتری و یاسا. نەبوونی ئەم هێڵانە دەبنە هۆکارێك بۆ پێشێلکاریەکی ئاشکرای بنەماکانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی هاوچەرخ و دیموکراتی،پێشێلکاریەکی ئاشکراشە لە بنەماکانی مافی مرۆڤ و ئازادیەکانی تاکەکەس،کەمترخەمیەکی ڕاستەخۆی حکومەتیشە بەرامبەر هاوڵاتیان، بۆ؟کاتێ تاکێك سنووری خۆی لە بەکارهێنانی جادەکان نەزانێ،ئەوە چاودێری بازرگانی، پۆلیس،هاوڵاتی و...هتد ناتووانێ لەسەر بنەمایەکی یاسای و دەقێکی دەستووری ڕۆشەن بۆ هەموو لایەك هەڵسوکەوت لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بکات، لەکاتی هاتنە پێشەوەی هەر ڕووداوێکیشدا بەبێ نیشانەکانی هاتووچۆ و ڕێکخستنی شەقامەکان تۆ ناتوانی ڕاپۆرتێکی مەیدانی دروست بۆ لایەنی یاسایی بەرپرس بەرزبکەیتەوە.لەم بارودۆخەدا ئایە تۆ لەسەر کام بنەما و ڕاستی یان لەسەر کام کۆڵەکەی یاسایی دەتووانی هەڵسوکەوت لەگەل ڕووداوەکە بکەی؟لە ڕاستیدا جگە لە"ویژدانی پۆلیس و هاوڵاتیەکە" یان "هەوەس و ویژدانی بەرپرسەکە" شتێکی زانستی و یاسایی لەسەر شەقامەکان نیە بەرگری لە "حەقیقەت و مافی" هاوڵاتی بکات،لێرەوەیە مافي هاوڵاتیان دەکەوێتە بەر هەڕەشە وهاوڵاتیش لە دەسەڵات دەکەوێتە گلەیی و نارەزایی،**ئەم گلەیی و گازاندە بچووکانەش بەسەریەکەوە لەناخی هاوڵاتی کەڵەکەدەبێ،لەسایەی ئەم بۆشاییە تەکنیکیانە بەهێز بێهێز لوشدەدا و یاسا جەنگەڵیەکان هەڕشە لە یاسا مەدەنیەکان دەکەن.لەسایەی نەبوونی ئەم هێڵ و نیشانانەی هاتووچۆ ڕۆژانە هاوڵاتی پیادە مافی هاوڵاتی سوارە(بە پێچەوانەشەوە)پێشێل دەکەن،بەهۆی هەڵەیەکی بچووك چەندین کارەساتی گەورە دروستدەبن،بەرەنجامەکانیش زیانی ماددی و گیانی زۆری لێدەکەوێتەوە،بەمەش ئاستەنگ دەکەوێتە بەردەم گەشەکردنی بازرگانی و ئابووری.بەشێوەیەك:پاسەوانی تایبەتی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی کە"باڵادەستە"نەزانێ سنووری ئازادیەکانی تاچەندە، دەکەوێتە لێدانی پۆلیسێکی هاتووچۆ،کە لە سایەی ئەم جۆرە کردەوانە قەبارەی گەندەڵی و گلەییەکان گەورەتر دەبن.

کەواتە نەبوونی شەقامێکی هاوچەرخ،نەبوونی یەکسانی و دڵنیاییە لە هاتووچۆدا،بەمەش پایەیەکی زۆر سەرەکی مافی مرۆڤ و دیموکراتیەت وون دەبێ.وونبوونی بەها دیموکراتیەکان واتە نەمانی یاسا و بنەماکانی کۆمەڵگایەکی شارستانی و زیندوبوونەوەی سیستەمی خۆسەپاندن و کەوتنەکاری پرنسیپەکانی یاسای خێلەکی.ئەمەش لە بوونیدا بەربەستێکە لەبەردەم گەشەکردنی سروشتی گەلان و کۆمەڵگاکان بۆ

هەنگاونان بەرەو ژیانێکی کۆمەڵایەتی- سیاسی تەندروست،بەڵکو لە هەندێ لە قۆناغەکاندا دەبێتە سەرەتا و هۆیەکی گرنگ بۆ نەمانی هەستی ئینتماکردن یان بەلانی کەم لاوازکردنی ئەم هەستە.

تا لەشەقامەکان بەشێوەیەکی زانستی و هونەری نیشانەکانی هاتووچۆ و هێڵەکان دیاری نەکرێن،ئەوە هەنگاونان بۆ بە دیموکراتیزەکردنی هەر کۆمەڵگایەك ڕووبەڕوی کێشەی هەمە جۆرمان دەکاتەوە،چاکسازیش ناکەوێتە قۆناغی بەپڕاکتیزەکردن،چونکەچاکسازی لە سایەی شەفافیەت و لایەنی ڕکانبەری تری سیاسی چاودێرەوە دەبێ.ڕۆژانە هاوڵاتی کە لە ماڵ دەردەچێ بیر لەوە دەکاتەوە بەسەلامەتی بگاتە شوێنی مەبەست،بۆ گەیشتنە ئەم شوێنەش شەقام و ڕێگا دەگریتەبەر،بۆ ئەوەش دەبێ لە شەقامەکانی کوردستان مرۆڤ "مغامرة" بکا یان بۆ ماڵەوە"وەسیەتنامە"بنووسێ،چونکە ئەگەری ئەوە هەیە لە هەڵەیەکی بچووك یان لە کارەساتێکی هاتووچۆ تێدابچێ.ڕۆژانە لە شەقاماکانی کوردستان بەهۆی پێشبڕکێ و پەلەکردن یان باری ئەمنی،هاوڵاتیان مافی یەکتری پێشێلدەکەن،کاتێ تۆ ئەم کێشانە چارەسەردەکەیت،دەبێت هەوڵبدەیت کۆمەڵێك چاکسازی لە بڕگەکانی یاسادا بکەی،تا مادده یاساییەکان لەگەل سیستەمە تازەکانی هاتووچۆ کۆك بن،لە بواری بازرگانیشدا بەهەمان شێوە دەبێ"ماوە- کات- سەنگ" لەبەر ڕۆشنایی خێرایی لێخوڕینی یاسایی"گەیاندن- کوالیتایت- ئەمان"ڕەچاو بکەیت یان بۆ هەمان مەبەست مادده یاساییەکان لەگەڵ یاسای هاتووچۆی جیهانی هەموار بکەیت...هتد.بەمەش دەبێ گۆڕانکاری لە سیستەمی بەڕێوەبردن،سیستەمی بازرگانی، سستەمی گەیاندن و گواستنەوە، سیستەمی بیناسازی...هتد بکەی،تا شەقامی ئارام و ڕیکخراو دەستەبەر بکەیت،ئەمەش خۆی لە خۆیدا ڕیفۆرم و پاکسازیە.بەبوونی ئەم جۆرە شەقامانە(کە گۆڕانکاری زۆر سادە و پێویستن) بوارەکانی ژیان ئاساندەبن،گلەیی و گازاندەکان کەمتر دەبنەوە،کەم بوونەوەی گلەیی و گازاندەش نیشانەی ڕەزامەندی،یەکسانی لە بوونی ماف،ئارامی و ئاسایشە،واتە نەبوونی گەندەڵی یان نزمی ڕێژەکەیەتی،تا ئەم جۆرە هانگاوانە نەنرێن ڕیفۆرم ناکرێ،ئەگەر بکرێش سەرکەوتوو نابێ،بۆیە دەکرێ یەکەمجار لە شەقامەکانەوە دەست بە چاکسازی بکرێت.

چاودێری شەقام و ناوەندە بازرگانیەکان،کۆنترۆلکردنی خێرایی،پەڕینەوە و بەدواداچوونی تاوانباران بەهۆی ئامێر،کامێرا و ڕادارەوە کۆمەڵێك فاکتەری هەست بریندارکردن لەلایەن هاوڵاتیان کەم دەکاتەوە،بەمەش مرۆڤ هەستدەکا ئازادانەتر هەڵسووکەوت دەکات.بۆنموونە:بوونی کامیرای چاودێری لە ڕاستیدا وادەکات تۆ وا بیربکەیتەوە لە ژێر چاودێری پۆلیس یان دەسەڵاتێکدای و ئازاد نیت،بەڵام لەلایەکی ترەوە بوونی کامیرای چاودێری وادەکات هاوڵاتی دڵنیاتر شەقامەکان بەکاربهێنێ و بژی.لەکاتی هاتنە پێشەوەی هەر ڕووداوێك یان کارەساتێك بێ هیچ فشارکردن سەدان بەڵگەی گومان هەڵنەگر دەکەونە بەردەستی لێکۆڵەرەوەکان،بەمەش تێبینی دەکەین کەوا یاسا باشتر و عادیلانەتر پیادە دەکرێ،هەروەها کاریگەرییە خراپەکەی بینینی پۆلیسێك لە جادەکاندا بە خۆی و دەمانچەکەی بەسەر هەست و دەروونی هاوڵاتیانەوە،بە بەراورد بە ئامێرێکی بێگیانی شاراوە لێرەدا بەدیار دەکەوێ.ئەم کامیرانە لە گرانترین دۆخدا خۆ لە 500 دۆلارێك نادات،کەچی تەنها مووچەی مانگانەی پاسەوانێك پتر لە نیوەی ئەم نرخەیە؟! ئیمڕۆش زۆربوونی کاری پۆلیسی و پاسەوانی لە کوردستان بۆتە هۆیەك کەوا قەیرانی کرێکاری بیناسازی،کشتوکاڵی..هتد دروست بێت؟! بە چاکسازی لە بواری ڕێگا و باندا ژیانی لادێ و شار لەیەك نزیك دەبێتەوە،دابەشکردنی هێزی کارکردن ئاسانتردەبێ،بزووتنەوەی بازرگانی گەشەدەکات.دیارە زۆر بوونی چالاکی بازرگانی لە هەر وڵاتێك دەوڵەمەندی و ئارامی بەدواوەیە.چەندایەتی و چۆنایەتی ئەمەش کاریگەری باشی هەیە بەسەر کەم بوونەوەی گەندەڵیەکان و خراپی بەکارهێنانی دەسەڵات.

بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای نوێ لە بوارەکانی پەیوەندی وادەکات زۆر بە ئاسانی مرۆڤ لە یەکێ لە بنەماکانی مافی مرۆڤ بەهرەمەندبێ،کە بەدەستهێنان و گەڕانە بەدوای زانیاری و خۆشارەزاکردنە.ئەمەش پەیووەندی ڕاستەوخۆی بەسەر خوێندن،بازرگانی،تەندروستی..هتد هەیە.بۆ نموونە:گۆڕینەوەی زانیاریەکی پێویست لە نێوان دامودەزگا بەرپرس و ڕەسمیەکانی هەر وڵاتێك بۆ ناسین و ڕاپەڕاندنی هەرکارێك چەند گرنگە،تەنها بەزانینی ژمارەی نهێنی پێویست لە ڕێگای ئەم تۆڕانەی پەیوەندیکردنەوە،فەرمانبەرێك دەتوانێ بەماوەیەکی زۆر کەم زیاتر لە کارێك ڕاپەڕێنێ،بەمەش تێچوو و ماوەی ڕاپەڕاندنی کارەکان کەمتر و ئاسانتردەبن،ووردی و یەك سەرچاوەیی زانیاریەکان مسۆگەرتردەبن، ئەلێرەوە گەورەترین کەم و کوڕی کە خراپی بەکارهێنانی کاتە چارەسەر دەکرێ یان کاتێ لە فەرمانگەیەك کارێکت دەبێ،لە ئاکامی نەبوونی ئامێرێك بۆ دیارکردنی"سرە و چاوەڕوانی" یان نەبوونی کۆمپیتەرێك بۆ عەمبارکردنی زانیاریەکان وادەکات ڕۆتین و چاوەڕوانی بتکوژێ،لێرەوەش گەندەڵی و

بەرتیلکاری دەستپێدەکات.بەکارهێنانی کۆمپیتەر"حکومەتی ئەلەکترۆنی"لە بوارە جیاجیاکان ئەرکی سەدان فەرمانبەر ئاسان دەکات،ئەگەر بواری باری کەسێتی یاسایی هەر هاوڵاتیەك بەنموونە وەرگرین لەکاتی دەرکردنی ناسنامە، ڕەگەزنامە،مۆڵەتی لێخوڕین ..هتد،هەلی تەزویرکردن و کات بەفیرۆدان زۆرکەم دەکاتەوە.بەکارهێنانی کامیرای چاودێری،ئامێری پشکنین و دۆزینەوەی مادده ترسناکەکان و بەستنەوەیان بەسەنتەرێکی بەرپرس لە ڕێگای تۆڕەکانی ئەنتەرنێت و تەلەفۆنەوە،جگەلەوەی لەکاتی مەترسیدا گیانی هاوڵاتیان دەپارێزرێ،هەروەها وورتر و کەم مەسرەفترە،جگە لەوەش وادەکا لە کاتی پشکنین و لێکۆلینەوەدا کەمتر هەستی هاڵاتیان بریندداربکرێ و فشاری جەستەیی لەکاتی لێکۆڵینەوەدا بەکاربهێنرێ.

بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای نوێ ئاسانکاریمان لە ڕێکخستنی ژیان، چۆنایەتی و چەنانداyەتی کارەکان و کەمکردنەوەی تێچووەکان بۆ دەکات، ئەمەش یەکێکە لە ئامانجە سەرەکیەکانی سەرجەم هاوڵاتیان،فاکتەرێکیشە بۆ ئاسانکاری لە پرۆسەی بە دیموکراتی کردنی کۆمەڵگا.بوونی دیموکراتیەتیش هۆکارێکی سەرەکیە بۆ کەمکردنەوە یان نەمانی گەندەڵی و گەشەکردنی شەفافیەت لە کارکردندا.ئەم هاوکێشەیە بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە.بەڕێزگرتنیش لە هەستی هاوڵاتیان پایەیەکی مافی مرۆڤ دەچەسپێ و هەنگاوێك  بۆ بە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا دەچێتە پێشەوە، دەرفەتەکانی گلەیی وگازاندەش کەمتر دەبنەوە،کە هۆیەکن بۆ زیادبوونی ڕۆتین و بەرتیل ومەحسوبیەت،بەمەش هەستکردن بە نامۆبوون کەمتردەبێتەوە،چونکە هاوڵاتی هەست بە بەرەنجامەکانی گۆڕانکاری و پێشکەوتن دەکات،لەهەر وڵاتێکیش ئەرك و ماف سنووریان دیاربوو،هاوڵاتی پەنا بۆ بەرتیل،مەحسوبیەت و خراپی بەکارهێنانی دەسەڵات و پلە و پایە نابات.

_کەم ئەزموونی یان کەم دەرفەتی لای"عەقلی نەخشەکێشان و پلاندانان"، جارجارەش لاوازی کەسایەتیە خاوەن عەقلە زانستیەکە بەهۆی مەحسوبیەت یان گەندەڵی کارگێڕی و دارایی.بەرژەوەندیە تایبەتیە ناشەرعیەکانی نێوان (سیاسیەکان و بازرگانەکان)وادەکەن ئەرکی بە شارستانی کردنی کۆمەڵگا، فراوانکردنی پانتایی ئازادیەکانی تاکەکەس و ئارامکردنی ویژدان قورستر ببێ. ئەگەر بەراوردێکی سەرپێی نرخی کەرەستەی خاو،کرێ و هێزی کارکردن، باج،کەش و هەوا لە نێوان کوردستان و وڵاتاني ڕۆژئاوا بکەین،دەبین ئەو "بودجەی"لە کوردستان بۆ هەر پرۆژەیەك تەرخان دەکرێ لەگەڵ ئەوێ زۆر زۆرترە،چونکە هەمووشتێ لە کوردستان هەرزانتر و مشەترە،بەڵام لەوێ عەقلی پلاندانان و بەرپرسیەتی تەندروستە و لە ئاستێکی بەرزدایە.پرۆژەکان کە تەواو دەبن جگەلەوەی جوان و زانستین،لەبەر هەر هۆیەك بێت جارێکی تر هەلناوەشێنرێنەوە.بەمەرجێکیش پرۆژەکان پەسەندەکرێن کە تەواوی" مەرج و کوالیتایتەکانی"تیادا بەرجەستە بووبێ،بەڵام لەپرۆژەکانی کوردستان زۆرجار دوای تەواوبوونیان ئینجا دەستدەکرێ بەکاری تری وەك مەجرا،بۆڕی ئاو ..هتد،بۆ ئەمەش جادەکە یان پرۆژەکە تێکدەدەن یان بە سەقەتی لە بەڵێندەرەکەی وەردەگرن.ئەمەش گەندەلیەکان زیاد دەکەن و بوارێکی باشیشە بۆ چالاککردنی فاکتەرەکانی گەندەڵی و بەرتیل و مەحسوبیەت.

نەبوونی نەخشە و مەرجی زانستی بۆ بیناسازی و دانانی نەخشەی شارەکان بەشێوەیەکی زۆر ڕەمەکی،بۆ نموونە:نەخشەی شارەکان بە شێوەیەکی ئاسۆیی زۆر بەرچاو لە فراوان بووندایە،فراوانکردنی شارەکانیش بەم شێوە ئاسۆییە لەدوا ڕۆژدا بارگرانیەکی زۆر بۆ دامەزراوەکانی حکومی و خزمەتگوزاریەکان دروستدەکات.فراوانکردنی شار لە ڕۆژگاری شەڕ بۆ وڵاتێك کە حوکمەکەی شمولی و میلتاری بێ شتێکە دەچێتە ناو بازنەی"تاکتیکە سەربازییەکان"بەڵام لە وڵاتێك کە خەون بەدیموکراتیەت ببینێ و ئاواتی ڕازی کردنی گەلەکەی بێ،ئەمە بە هەڵەیەکی نەخشەدانان و کەم ئەزموونی لەعەقلی پلاندانان لەقەلەم بدرێ.

دابەشکردنی زەوی بۆ نیشتنەجێکردن بەم شێوە ڕەمەکیە لە کوردستان، بەهۆیەکی سەرەکی گەشەکردنی گەندەڵی ئیداری دادەنرێ،چونکە ئەم هەنگاوە تەنها لە پێناو ڕازیکردنی لایەنگرەکانی حیزب دەکرێن،بە بەخشینەوەی چەند پارچە زەوییەك بەناوی پاداشت،زەویە کشتوکالیەکان کەم دەبنەوە و ژینگە پیس دەکەن،لە بەرامبەریشدا ژمارەی دانیشتوان زیاد دەبێت و پێداویستیمان بە خواردن و ژینگەی پاك زیاتر دەبێت،لەباشترین دۆخدا "ئاسایشی خۆراك"دەخەینە بەر مەترسی؟!

 حکومەت دەیتوانی دەیان تەلار بۆ نیشتەجێکردن  و دەیان کارگەش لەم شوێنانە بکاتەوە،بۆئەوەی کۆمەڵگاکەمان لە کۆمەڵگایەکی بەکارهێنەوە بگۆڕین بۆ کۆمەڵگایەکی بەرهەمهێن.بەم جۆرە بەخشانە هیچ داهێنانێکمان بۆ خزمەتکردنی هاوڵاتی دانەهێناوە،ئەوەی کراوە بەم شێوەیە تەنها  تاوانێکە دەرحەق بە ئایندەی ژینگە و ئابووری وڵاتێك و میللەتێك دەکرێ.نەخشەسازی شارەکانی کوردستانیش

بەم شێوەیە زیانێکی مەزن لە ئابووری وڵاتەکەدەدا،بۆ نموونە:تا شار فراوانتربێ پێویستیمان بە بوارەکانی خزمەتگوزاری زیاتردەبێ، ئەگەر نەخشەی شارەکانمان بەشێوەیەکی "ئەستوونی" دارێژرێن،دەبینین تێچوونەکان و گلەیەکان کەمتردەبنەوە،بەم شێوازەش حکومەت دەتوانێ لەبڕی تێچووی ئەم فراوان بوونە" ئاسۆییە" نا تەندروستە،گرنگی بەژینگەیەکی پڕ لە سەوزایی،شەقامی ڕوناکی بەرین و جوان ،ئاوی مشە و بوارە خزمەتگوزاریەکانی تر بدات.وەك دیارە زۆری پرۆژەکانی حکومەتی کوردی،کەمی ئامێر و تەکنەلۆجیا، وادەکات کارکان دوابکەون،چۆنایەتیەکانیش لە ئاستی پێویست نەبن،ئەمەش ژینگەیەکی چاکە بۆ گلەیی و گازاندە و گەندەڵی؟!

_بەکارنەهێنانی تەکنەلۆجیای نوێ لە بواری"چاودێری ئابووری و دارایی" وایکردووە گەندەڵی لە بووارەکانی بازرگانی ومامەڵەکردن دروست ببێ،هەروەها ناجێگیریەکیش لەبازاڕ و نرخی کاڵاکان پەیدابێ.چۆن؟بەبوونی "حکومەتی ئەلەکترۆنی" دەکرێ سیستەمی ئاڵوگۆڕی دراوی لە بانکەکان گەشەی پێبدرێ،بە گەشەکردنی ئەم سیستەمە کۆنترۆڵکردنی"باجەکان و داهاتی تاك"زۆرئاسان دەبێ.کە داهات و باج کۆنترۆڵکرا دزی،بەرتیل،مەحسوبیەت کەمتردەبێتەوە.بۆ بنەبڕکردنی ئەم دیاردانەش لە بواری بازرگانی، ئابووری و دارایی چاکترین شت تەکنەلۆجیای هاوچەرخە.بۆ بەکارهێنانی ئەم تەکنەلۆجیایەش پێویست بە خەڵکی شارەزا و زانستی دەبێ،لێرەوە زانست گەشەدەکات،خەڵکی بە توانا دێتە مەیدان،بەم هەنگاوانەش کێڵگەکانی گەشەکردنی گەندەڵی وا بەبڕشت و بەپیت ناهێڵێتەوە.

_ڕێگادانێکی زۆر بێ بەرنامە لە بواری"بەناوهێنانی سەرمایەگوزاری بیانی- ناوخۆیی" لە کوردستان،وادەکات لە داهاتوویەکی نزیك کۆمەڵگای کوردستان ببێتە کۆمەڵگایەك دوو ڕەنگ،بە جورێك چینی مامناوەندیی ئەوەندە شەفاف و تەنك دەبێتەوە لە نێوان پاڵپەستۆی دوو چین،یەکەمیان دەوڵەمەندە زلەکان(کە زۆربەیان یان نوێنەری کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکانن واتە بازرگانەکانن،کەمترین ڕێژەش لەوانە دەبنە سەرمایەداری بەرهەمهێنی نیشتمانی یان خۆمالی)17، چینی دووەمیش هەژارە نەدارەکانن.دیارە ئەم بێ بەرنامەییەش ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ بەکارنەهێنانی تەکنەلۆجیای نوێ و سیستەمە تازەکانی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی هاوچەرخ.ئەمانە وایانکردووە سیستەمی خوێندن، بەڕێوەبردن،خزمەتگوزاریەکان...هتد بە دواکەوتووی بمێننەوە،بەمەش پڕۆسەی گەشەپێدان، عەدالەتی کۆمەڵایەتی و بە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا ڕووبەڕووی گرفت دەبێتەوە،سنووری ئازادیەکانی تاکەکەس و ویژدان بەرتەسکتر دەبنەوە. لێرەوە هاوڵاتی لە هەموو ئۆرگانەکانی حکومی،خزمەتگوزاری و حیزبی دەکەوێتە گلەی،سەنگەری لێدەگرێ،هەموو ئەو دەستکەوت و خزمەتانەشیان لەبەرچاو ونده‌بێ کە بەدرێژایی 13 ساڵی ئازادی ئەنجام دراون.18

هەر ئەم هۆیەشە ئێستا وایکردووە قەیرانی کرێکار و هێزی کارکردنی بەرهەمهێن لەکوردستان لاوازبێت لەبەرامبەر فەرمانبەری مشەخۆر،کە تەنها بۆ وەرگرتنی "مووچە" بوونە بە فەرمانبەر یان ناوی خۆیان لە لیستی مانگانەی دامەزراوەکانی حکومی تۆمارکردوە،واتە فەرمانبەری"بن دیوارن"19.ئەم دیاردەیە وادەکات هاوڵاتی ئەم ڕێگا یاساییە زۆر بە خراپی بقۆزتەوە بۆ تۆمارکردنی ناوی خۆی یان کەسێکی لە فەرمانگە حکومی و حیزبیەکان،بەمەش هاوڵاتی ڕێگای بەرتیل یان مەحسوبیەت یان فشاری سیاسی یان ئینتیماکردنی حیزبی بەکاردەهێنێ.ئەلێرەوە بەرەنجامی ئەم سیاسەتە"دراویە"هەڵەیەی لە کوردستان هەیە وایکردووە گەندەڵی لە گشت بوارەکانی ژیان دروست ببێ.هەر ئەم هەموو هۆکارانەیە وادەکەن دەیان خەڵکی بێتوانا چ لە ناوخۆی کوردستان چ لە ئەوروپاوە بە هەڵپە بگەڕێنەوە بۆ سەر کارە کۆنەکانیان،کە پێشتر بە دەیان بڕوبیانوو و واستەکاری خۆیان لەم ئەرکانە دەدزیەوە،ئێستاش بەپێچەوانەوە.

هەر ئەمەشە وایکردووە لە ڕێگای سیاسەتی"ڕازیکردن و ئیحتیواکردن" فەرمانبەرێك یان بەرپرسێك زۆر بەهەڵە دەسەڵاتەکەی بەکاربهێنێ، کادیرێکی حیزبی بکەوێتە گلەیی لە سودمەند نەبوونی وەك هەڤاڵەکانی،هی حزبێکی بچووکیش لە فراوانی بەکارهێنانی دەسەڵاتی بەرامبەرەکەی بترسێ و بەگازاندەبێ،هاوڵاتیەك گلەیی لە کەم وکوڕیەکان بکات بڵێ:حکومەت ناتوانێ وەك پێویست بە ئەرکە خزمەتگوزاری و شارستانیەکانی خوی هەڵبستێ، ئیسلامیەکی سیاسیش لەسەر مەسەلەی ئازادیەکانی تاکەکەس ڕەخنە لە حیزبە دەسەڵاتدارەکان بگرێ،کە سنووری ئازادیان بە بیانووی ئاسایش وئارامی لە هاوڵاتیان تەسك کردۆتەوە،کاتێ حکومەتیش باس لەئەرك و پاراستنی ئاسایش دەکات لەیەك نەگەن یان ئەندامێکی سەرکردایەتی هەوڵبدات دەسەڵاتەکەی فراوانتربێت،بۆ ئەوەی بتوانێ دەستی کراوەتر و بەتواناتربێت تا باشترین ئیمتیازاتی هەبێ،جارجارەشچاکتریین بەخشش ببەشێتەوە تا بە باشترین سەرکردە بناسرێت،ئەم سیاسەتە چەوتە دوو ڕووی هەیە:یەکیان دەنگت بۆ زیاد دەکات،ئەویتریشیان

لێت کەم دەکاتەوە و ڕێگا بۆ حیزبە ئیسلامیەکان خۆشدەکات بڵێن:ئەوە شێوازی ژیانە لە سایەی حیزبی سکۆلاری نەك حوکمی خوا؟! حیزبە ئیسلامیەکانی کوردستان ڕووە خراپەکەی حکومەتی کوردستان بۆ پڕوپاگاندەی حیزبی خۆیان لەدژی سکولارییەت بەنموونە دەهێننەوە و زۆر بە باشی دەیقۆزنەوە،لەڕێگای ئەم جۆرە ووتارانەشەوە گەشهی بەرچاویان بە خۆیان داوە،بەڵام ئەگەر تەکنەلۆجیای هاوچەرخ یان"حکومەتێکی ئەلەکترۆنی" هەبێ،زۆر لە ئەرك و مافەکانی"هاوڵاتی- دەسەڵات"ئاسانتر دەناسرێنەوە، کارەکانی چاودێریکردن،بەدواداچوون،فریاکەوتن،خزماتگوزاری و لێکۆڵینەوە زۆر ئاسانتر دەبن،ترسیش لە تاکی نەشاز کەمتردەبێتەوە،دەنگی هاوڵاتیان بۆ "بەرنامەی باشەکانی هەڵبژاردن دەبێ،نەك بۆ حیزب و مێژوو و سەروەریەکانی یان باشترین بەخشیش دەری هەڵمەتی هەڵبژاردن و باشترین حیزبی"حاتم الطائي".ئەو کاتە دەسەڵات لای حیزب و کادیرەکانی نابێتە ئامانجی سەرەکی،بەڵکو پڕۆژەکان و بەرنامە سیاسی،فیکری و خزمەتگوزاریەکان دەبنە ئامانجي ستراتیژی"هاوڵاتی و حیزب"،حیزب دەبێتە ئامانج بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە پیرۆزانە،چونکە لەسایەی دەستووردا هاوڵاتی مافەکانی یاسایی- کۆمەڵایەتی- کەلتووری و...هتد پارێزراو دەبێت،بواری خراپ بەکارهێنان و سود وەرگرتن لە دەسەڵات تەسك دەبێتەوە یان نامێنێ،فاکتەرە هاندەرەکانیش بۆ بەدەستهێنانی ئەم بەخشش و دەستکەوتانە لەسایەی بوونی مافە یاساییەکان لاوازدەبن،هاوڵاتیش ناچار نابێ بەڕێگا و شێوازی نا یاسایی یان مەحسوبیەت بگاتە مافەکانی خۆی.

ئەگەر بێتوو شەقام و شارەکانمان بەگوێرەی نەخشە و پلانێکی زانستی هاوچەرخ ڕێکبخرێن،ئەوە ڕێژەی گلەیەکان زۆر کەم دەبنەوە،ئیتر نە ئیسلامیەك گڵەی دەبێ لەوەی ئازادیەکانیان پێشێل کراوە و ژمارەی بارەگای حیزبە سکۆلارییەکان زۆرترن لە هی ئیسلامیەکان،نە حیزبە سکۆلارییەکانیش گلەیی لە ئیسلامیەکان دەکەن،کەوا ئەم ئیسلامیانە هەڵی فراوانبوونی شارەکان دەقۆزتەوە بۆ زیادکردنی ژمارەی بڵندگۆی مزگەوتەکان و منبەری دەنگیان،نە گازەندەی ئەوەش دەکرێ ژمارەی بارەگای حیزبە سکۆلارییەکان بەبەراورد لەگەل ژمارەی بارەگای حیزبە ئیسلامیەکان و مزگەوتەکان(کە مینبەر و بارەگای سێبەری فکری ئیسلامی سیاسینە)کەمتربن یان هونەرمەندێك یان نووسەرێك گلەیی ناکات بڵێ::ئایە خوێندنەوەی چیرۆکی"شێرزاد حەسەن" یان فلیمێکی کۆمەڵایەتی ماچاوی (سێکسی) بە بەراوردکردن لەگەل سێدێیەکی داعیێکی ئیسلامی یان تەفسیرێك یان کتابێکی تری دینی کامیان ئازادانەتر و بێ سانسۆرتر لە ناو خێزان و کۆمەڵگا بەکاردەهێنرێ؟ ئەم کەم وکوڕیانە ڕووە ڕاستەکانی ئامانج و ئەرکی دامەزراوەکانی حکومی- حیزبی- دادوەری و..هتد لە کوردستان خستۆتە بەر پرسیار و گومان.بۆیە تا بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان سود لە تەکنەلۆجیای هاوچەرخ وەرنەگرین،ناتوانرێ وا بەئاسانی بۆشایی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات کەم بکرێتەوە،خۆشمان بۆ وڵاتێکی شارستانی دیموکراتی پەروەردە بکەین.چونکە ئەم جۆرە گەندەڵی و گڵەییانە لە کۆمەڵگا لیبڕال و دیموکراتیەکانی جیهانیش تەنها دوا بەدوای بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای هاوچەرخ کەم بوونەتەوە.

_تێکەڵاوبوونێك لە نێوان سنووری دەسەڵات و ئەرکەکانی حیزب و حکومەت لە کوردستان هەیە،پاش تێپەڕ بوونی پتر لە 13 ساڵ بەسەر ئەم شێوازە و ئەزموونەی کارگێڕی و حوکمکردن، وایکردووە پرۆسەی ڕیفۆرم لە ناوخۆی حیزب و حکومەت لە یەك سەبەتە دابن، چۆن؟

ئەزموونی دوو ئیدارەیی لە کوردستان ئەم ڕەوشە تێکەڵاوبوونەی لە سنووری دەسەڵاتی حیزب و حکومەت زیاترکردووە،تا ڕادەیەك وایکردووە سیستەمی حوکم لە هەردوو ئیدارەکەی (سولەیمانی- هەولێر) شێوەیەکی تاك حیزبی یان باڵادەستییەکێ لە حیزبە گەورەکانی بەسەرەوەبێ.ئەگەر شەڕی ناوخۆ کاریگەری خراپی بەسەر زۆر لە بوارە جیاجیاکانی ژیان لەکوردستان هەبووبێ،ئەوە خراپترین کاریگەری بەسەر پرۆسەی دیموکراتیەت و بەهاکانی هەبووە،لە ماوەی ئەم 13 ساڵەدا تەنها دوو ساڵ یەکێتی و پارتی پێکەوە حوکمی هەموو کوردستانیان کردووە،پاش ئەم ماوەیە و ئێستاشی لەگەلدابێ لە ڕاستیدا هەریەکەو سنووری حوکمڕانی دیاریکراوی خۆی هەیە،ئەم باردۆخە وادەکات ئەرکی چاکسازی لەیەك کات هەرسێ قۆڵەکە بگرێتەوە(ناوخۆیی،حکومی و کۆمەڵایەتی).

---

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری پێشهاتی ژمارە 10 حوزەیرانی2005 بڵاو بۆتەوەوە.